هەرێمی کوردستان کە هەرێمەکی دانپیانراوە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عیراقدا.

ئەمە وەکو یەکەتیی نیشتمانیی کوردستان پێمان وایە هەر کێشەیەکی سیاسی-ئەمنی هەستیار لە نێوان وڵاتە دراوسێکاندا بەم شێوەیە تاکلایەنە و لە دەرەوەی تێگەیشتنی سیاسیی و ئەمنی هاوبەش، چارەسەر نابن و تەنها ئاڵۆزی و ژینگەی پەیوەندییە ئیقلیمییەکان تێکدەدەن کە سەرەنجام گەلانی عیراق نرخەکەی دەدەن.

لێرەوە سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی کەسوکاری شەهیدان بەتایبەتی خانەوادەی شەهید پێشڕەو دزەیی دەکەین وهیوای زوو چاکبوونەوە بۆ بریندارەکان دەخوازین.

ئەرکی سەرشانی حکومەتی فیدرالییە کە پێکهاتەیەکی ئیئتلافییە و پشتیوانی هەموو هێزە سیاسییەکانی هەیە، هەوڵەکانی چڕتر بکاتەوە بۆ داکۆکی لەسەر سەروەری وڵات و ئاسایشی هاوڵاتیان و بەکردەوە یەکەتیی ریزەکانی گەلی عیراق دووپات بکاتەوە و هەیبەتی نێودەوڵەتی وڵاتەکە بپارێزێت.

پێویستە دامەزراوە رەسمییەکان هەرێم و پارتە سیاسییەکانیش بەهەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی عیراق رۆڵی زیاتر بگێڕن لە چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان و پاراستنی هاووڵاتیان و بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان.

رۆحی شەهیدان شاد بێت

ئارامی و سەربەرزی بۆ خەڵک و خاکی هەولێری پایتەختی کوردستان.